# نووسین هەڵاتن نییە لە ژیان، بەڵکوو دۆزینەوەی ژیانە

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

هەمیشە ژیان لێرەیە بۆ ئەوێ، بۆیە مرۆڤ هەستێکی ترسناکی بە ناکۆتاییەکانی هەڵاتن هەیە – لێرەو هیچ وێستگەیەکیش نابێتە ئەوێ. هەمیشە مرۆڤ کۆمەڵێک ڕێگای دیکە چاوەڕوانی دەکەن.

(١)

ئەکتی داهێنان لە دۆزینەوەدایە، لە نووسینی داهێنەرانەدا بەرهەمهێنانی فیکر و دۆزینەوەی جوانی دەبێتە ئەوێی ڕامان و سەرسووڕمان. نووسین واقعێکی دیکەی جیاواز و بەرهەمهێنانی عەشقی گەورەی ژیانە، بۆیە دەبێ بەرەو چێژ و جوانی بێت! نووسین هەڵاتن نییە لە واقیعی بەرهەمهاتوو بەرەو خەیاڵ، بەڵکوو دۆزینەوەی بەردەوامی واقیع و داهێنانی ژیان و ژیاندۆستییە، ژیانیش لێرەیە بۆ ئەوێ! بەو مانایەش خودی نووسەر، لە نووسینی داهێنەرانەدا خۆی دەرناخات، وەک چۆن مەبەست لە داهێناندا شاراوەیە، خوێنەرە جیاوازەکان دەیدۆزنەوە، چونکە نووسینی داهێنەرانە وەک دۆلۆز دەڵێ سەیرورەیە، سەیرورەی ژیان، سەیرورەی واقیع... سەیرورەیە و لە گۆڕاندایە. داهێنان هێزی کەسی نانوێنێ، بەڵکوو هێزی ناکەسییە، بۆیە خاوەندارێتی ناکرێت.

(٢)

نووسین ئامرازێکە لە پێناو دۆزینەوەی ژیاندا، نووسەر عاشقی ژیانە! هەڵەی گەورە وەک دۆلۆز دەڵێ لەو بۆچوونەدایە کە پێیوایە نووسین هەڵاتنە لە ژیان و پەنابردنە بۆ خەیاڵ... دەیەوێ پێچەوانەی لێکدانەوەی گشتگیرانەی چەمکی هەڵاتن لەو ڕستەیەدا، بیرکردنەوەمان بەرەو چەمکی هەڵاتن وەک دۆزینەوە و سەیرورە و بەرهەمهێنانەوە ببات. دەیەوێت بیرکردنەوەمان بەرەو دۆزینەوە و داهێنانی ژیان و هەنگاونان ببات... ژیان ڕۆیشتنە بە دەم ڕێگاوە، لەبەر ئەوەی ڕێگا بۆ دۆلۆز لە ماڵ گرنگترە، ئەوێ گرنگترە لێرە... ژیان هەمیشە لە گۆڕاندایە بۆ بوونی دواتری خۆی!

(٣)

لەبری ئەوەی بەردەوام نووسین تەئویل بکەینەوە، لەبری ئەوەی زمانی نووسین شی بکەینەوە، پێویستە دال و مەدلوول وەک وزەبەخشی یەکتری ببینین، کەواتە زمان ئەو شتەیە کە بەردەوام تەئویلمان دەکات و تەئویلی خۆیشی دەکاتەوە! بۆیە نووسەر پێویستە لە سەیرورەدا بێت، بەڵام دال و مەدلوول لە بازنەیەکدا بە دەوری دایکدا دەسووڕێنەوە، ئەگەرچی دایک شوناس نییە بۆ کەسێکی جێگیر. لە بەرانبەر هەموو ئەوانەدا هێڵی هەڵاتن، هێڵی شکان، هێڵی دەرچوون و ترازان و گۆڕان هەیە. هیچ شتێک بە تەواوی لە سێنتەردا نییە، هەموو شتێک لەوێیە و ئەوێش ئامانج نییە، هەموو شتێک لە هەنگاوناندایە.

(٤)

(کراوس) پێیوایە نووسەر ئەو کەسەیە، کە دەیەوێت پاکێتی بۆ ئەو (دایک)ە بگەڕێنێتەوە کە ناپاکی لێ دەکات. (زمانی من سۆزانییەکی خوێڕییە دەیکەمە پاکیزە- کارل کراوس) پێشکەوتنی زمان لەسەر پێوەندییەکی ئابڕووبەرانەی نێوان نووسەر و دایک دەوەستێت، پێشکەوتنی زمان لەسەر پێوەندییەکی بکوژانەی نێوان نووسەر و زمانی دایک دادەمەزرێت. نووسەر لەسەر دایکی دەنووسێ و بە دژی دایکی هەڵدەستێت. نووسەر لەسەر دایکی دەنووسێت و ناپاکی لە دایکی دەکات، بۆ ئەوەی لە مەترسی و نیگەرانی کاریگەریانەی بەردەوامی داهێنان ڕزگاری بێت، کەواتە نووسەر لەلایەک عاشقی زمانە و لەلایەکی دیکە پێوەندییەکی ئابڕووبەرانە لەگەڵ زمان دادەهێنێت، وەک (ولفسە) دەڵێت نووسەر هەمیشە دنیای زمان تووشی هەوەس دەکات...

(٥)

کەواتە چیتر ئاشکراکردنی ناکۆتایی تەئویلە لەکارکەوتووەکان فریامان ناکەوێت، چونکە نووسەری داهێنەر هەمیشە لە ئەزموونێکەوە بەرەو ئەزموونێکی دیکەی جیاواز هەنگاو دەنێت، بۆ ئەوەی هەرگیز نەکەوێتە وەهمسازییەوە! نووسەری وەهمساز نووسەرێکە لە کۆشی دایکی دوور بکەوێتەوە، هەناسەبڕاو دەبێت. نووسەری وەهمساز لە بازنەیەکدا بە دەوری (دایک)دا دەسووڕێتەوە، بە دەوری مەرگدۆستیدا دەخولێتەوە، بەڵام سەیرورە لە ساتەوەختێکدا ڕوودەدات، سەیرورە بە ڕابوردوو و داهاتووەوە بەند نییە، خۆی بەرهەمهێنە، هێزی ئەکتیڤە و خاوەنی توانایی کردەی داهێنەرانەی خۆیەتی، بەو مانایەش هیچ بوونێک لەو دیو سەیرورە و فرەییەوە نییە.